Komala Party _ Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی شمارە ٢ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

# بۆ مەحکوم کردنی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بۆ سەر خەڵکی شاری مەهاباد و گرتنی خۆپیشاندەران

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی، هەڵبژێردرانی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکی هەریمی کوردستان و سوێندخواردنی لە پارلمانی کوردستان، رۆژی سێشەممە ٢٤ جۆزەردان، نزیك بە هەزار کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد رژانە سەر شەقامەکانی ئەو شارە و دەستیان کرد بە ئاهەنگ گێران و دەرپرینی شادی و خۆشحاڵی خۆیان بەم بۆنەوە. کۆماری ئیسلامی چاوی بینینی، جەماوەری شاری مەهابادی نەبوو کە وێنەو پۆستێری بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بارزانی و مەلا مستەفای بارزانییان هەڵگرتبوو. بۆ بەرگرتن بە ئاهەنگ گێرانی خەڵك، هێزەکانی تایبەت بە سەرکوت، رژانە سەر چوارڕێی ئازادی و ویستیان بڵاوە بە خەڵك بکەن و هێرشیان کردە سەر خەڵك. خەڵك بۆ نارەزایی دەرپرین دەستیان دایە خۆپیشاندان و بۆ ماوەی چەند ساعەتێك درێژەی کێشا. شایانی باسە ژمارەیەك موتورسواری شاری مەهاباد ئاڵای کوردستانیان دەشەکاندەوە و ئاهەنگی بووق لێدانی ماشێنەکان کە نیشانەی دەرپرینی شادی و خۆشی جەماوەری خەڵکی بوو لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە دەنگی کۆمەڵە گەیشتوون ئەمرۆ چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردان، رژیم نزیکەی ٥٠ کەسی لە خەڵکی شاری مەهابادی گرتووە و بەم جۆرە دەیهەوێ خەڵك چاوترسێن بکا و بە خەیاڵی خۆی فەزای کوردستان هێدی کاتەوە.

ئێمە وێرای پشتیوانی کردن لە کۆبوونەوەی خەڵکی شاری مەهاباد بۆ دەرپرینی شادی و خۆشییان، کۆماری ئیسلامی بە تاوانباری سەرەکی هەر نارەزاییەك دەزانین. ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە بەر بە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی خەڵك دەگرێ.

هەروەها خوازیاری ئازادکرانی بێ مەرجی هەموو قۆڵبەست کراوانین و داوا لە هەموو خەڵکی شاری مەهاباد دەکەین، خوازیاری ئازادکرانی قۆڵبەست کراوان بن.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٣٨٤/٣/٢٥
**٢٠٠٥/٦/١٥**

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138**499
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**